سەرۆک کۆمار پشتیوانی عێراقی بۆ پێشکێشکردنی هاوکاری لە گۆڕان بەدوای ڕۆئیسیدا دووپاتکردەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە "لەتیف جەمال ڕەشید " سەرۆک کۆمار،پشتیوانی عێراقی بۆ پێشکێشکردنی هاوکاری لە گۆڕان بەدوای "ئیبراهیم ڕۆئیسی"سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران دووپاتکردەوە.

سەرۆک کۆمار لە پۆستکدا لە پلاتفۆرمی "X" نوسیویەتی: بە نیگەرانییەکی زۆرەوە هەواڵی ڕووداوەکەی ناو فڕۆکەی "ئیبراهیم ڕۆئیسی" سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێرانمان و یاوەرینمان پێگەیشت.

سەرۆک لەتیف جەمال ڕەشید ئاماژەی بۆشدا : کە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیمان لەگەڵ "محەمەد کازم سادق" باڵیۆزی ئێران، ئێنجامدا کە لە تارانەوە،بۆ ئاگادارکردنەوە لە پێشهاتەکانی ڕووداوەکە، هەروەک جەختیشیکردەوە :- کە عێراق پاڵپشتی هەموو هەوڵێک دەکات بۆ پێشکێشکردنی هاوکاری لە هەڵمەتی گەڕانەکە.